# رانیه

**گۆڤارێکی وەرزیی گشتی‌یە**

**سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە**

**دەریدەکات**

**ژمارە ( ٧ )**

**ئازاری / ٢٠٠٤**



## لە بەراییدا

سەرنووسەر

سیانزە ساڵ لەمەوبەرو لەبەرەبەیانی ١٩٩١/٣/٥ دا ڕانیە ڕۆژێکی تری لێ هەڵهات و جیالەڕۆژەکانی تر کوڕانی ئەم شارە جلوبەرگی دیلیەتیان گۆڕی و لەناکاودا هەورەبروسك ئاسا هەڵیانکوتایەسەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم و هەرلەوڕۆژەدا ڕانیەیان لەپۆخڵی بەعسیەکان پاك کردەوە .ڕانیە ئەو ڕۆژە بانگی ئازادی لە بڵندگۆی ڕاپەڕینەوە گەیاندە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان ،دەروازەش ئەو ناوە شایستەیە بوو بەنازناوی ئەم شارە قارەمانە ئەو ساتە ڕاپەڕین ڕقێکی پەنگخواردوی‌لەدەرونیدا شاردبۆوە بەڵام کە جام پڕ بوو لێی دەڕژێت و چیدی ئەو زوڵمە زۆر و ئەستەمانە قبوڵ نەکران و کڵپەی ڕاپەڕین گیانی بەعسیەکانی سووتاند و خۆری ئازادی بۆ هەتاهەتایە بە سەر سەری ئەم شارەوە هەڵهات .

ڕاپەڕین ئەو وەچەرخانە گرنگ و مێژووییە کەوایکرد دۆزی ڕەوای میللەتەکەمان بە ئاقارێکی تردا بگەیەنێتەوە لوتکە وە هەروەها چارەنووسی گەلەکەمانی بە شێوەیەکی تر دیاری کردوو مێژوشی کردە قەرزارباری خۆی تاکو لەدێڕەکانیدا سەروەری ئەم شارە بنووسێتەوە.

ئێستا سیانزەساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو ڕۆژەدا بەڵام هەمان گیانی ڕاپەڕین و قوربانیدان لای خەڵکی ئەم شارە بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەو جوانکردنی شارەکەمان بەردەوامە .

حکومەتی هەرێمی کوردستان بێدرێغی کردن توانیویەتی لەچەند ساڵی ڕابردودا کاروپڕۆژەو ئاوەدانی زۆر لەم ناوچەیە پێکبهێنێت ،بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی یە پێویستی بە ئاوڕ لێدانەوەی جدی تروزیاتر نیە هەر بۆیە جێ ی خۆیەتی لە سیانزەهەمین ساڵ یادی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و عێڕاق بڕیاری گرنکتر دەربکەن و بۆ گەیاندنی زۆرترین خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی ئەم دەڤەرە جارێکی تر سلاو لە دەروازەی ڕاپەڕین ، سلاو لە شەهیدانی ڕاپەڕین ،سلاو لە رۆحی هەمیشە بەرزی عەلی نەبی و هەڤاڵەکانی کەیەکەمین تەقەی ڕاپەڕینیان کردوو یەکەمین شاریان لە کوردستان ئازاد کرد سلاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سلاو بۆ هەڤاڵ مام جەلال کەوتوویەتی :

شاری ڕانیەی قارەمان ڕاپەڕیو دەستی وەشاند،سەرکەوت و دنیای هەژاند .

**خاوەنی ئیمتیاز**

سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە

**سەرنوسەر**

عەبدولواحید دوکانی

**راوێژکاران**

سەلاح جەمال

پێشرەو زاهیر

مهاباد حەسەن

**هەڵەبڕ**

شادمان ئەکرەم حەمە

**پیت چنین**

دلێر — ئیسماعیل راجی

**ناونیشان**

شارەوانی رانیە ــ راگەیاندن

ناونیشان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت

WWW.mu-rania.i8.com

WWW.mu-rania.tk

ئیمێڵی گۆڤار: Raniahmag@yahoo.com

ئیمێڵی سەرنوسەر: Dwkane2002@yahoo.com

مۆبایل: ٧٥٢ ٩٣٠٧

تەلەفون: ٨٦٤ ٠٠٠٨

نەخشەسازی و چاپ: کۆمپیوتەری شاد

سلێمانی ــ تەلەفۆن : ٣١٣ ٣٧٨٧ مۆبایل : ٧٥١٩٨١٥